


# چ بنەما و سیستەمێک بۆ دەست نیشان کردنی باشترین وەرزشوانی ساڵ لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت؟

■ وەك ئاشكرایە لە گشت وڵاتانی جیهان هەموو ساڵێك باشترین وەرزشوانی ساڵ لە گشت یارییەكان دەست نیشان دەكرێ، ئەمساڵیش لە كوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوەیەكی بەرفراوانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی كوردستان ساز دا بۆ دەست نیشان كردنی باشترین وەرزشوانی ساڵ لە كوردستان، بەڵام چ بنەماو سیستەمێك بۆ دەست نیشان كردنی باشترین وەرزشوانی ساڵ لە كوردستان پەیڕەو دەكرێت؟ تا چەند ئەم ریفراندۆمە بە شێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی بەرێوە دەچێت؟ ئێمەش بۆ دەرخستنی راو بۆچوونەكان بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتە ئەنجام بدەین كە تیاییدا راوبۆچوونی چەندین ڕۆژنامەنووسی كوردستانمان وەرگرتووە.■

راپۆرت: فایلی وەرزشی

سەرەتا رزگار شوانی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لە كەركووك بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:
ئەوەی راستی بێت دەستپێشخەریەكی زۆر باش بوو كە ئەمە دەبێتە نەریتێكی ساڵانە بۆ راپرسی و دەست نیشانكردنی باشترین یاریزان و راهێنەر و ناوبژیوان لە سەرجەم كوردستاندا، پێم وایە پێش ئەوەی یەكێتییە وەرزشییەكانی شارەكان یاریزان و راهێنەر و ناوبژیوانی خۆیان هەڵبژێرن پرس و را بە ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بكرێت تاكو پرۆسەكە زیاتر بەهێزتر بێت و ڕۆژنامەنووسان لە كاتی دەستنیشانكردنی باشترین یاریزان دەبێ رەچاوی ئاستی و خۆرەوشتی ئەم یاریزانە بكەن.
دواتر جەلال سەعید ڕۆژنامەنووس لە سۆران گوتی:
ئەوەی راستی بێت كۆبوونەوەیەكی چاك بوو رەنگە كەم و كوری هەبوو بێت، بەڵام مانای ئەوە نییە كە بە ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بڵێن ئاستی گفتوگۆیەكان باش نەبوو ئەم جۆرە راپرسیانە لە كورستان نوێن و پێویستە پشتگیریان لێ بكرێت و پەرەی پێ بدرێت، چونكە هەموو وڵاتانی پێشكەوتوویی وەرزشی جیهانیش بەم قۆناغەی ئێمە تێپەریون، راستە گفتوگۆیەكە تا رادەیەك توندی پێوە دیار بوو بە تایبەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووسان، بەڵام لە كۆتاییدا هەموو رێكەوتن لەسەر ئەوەی كەوا پێویستە لە ساڵانی داهاتوودا پەری پێ بدرێت، دەست خۆشی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەكەم بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزەی كە یەكەم جارە لە كوردستان ساز دەكرێت بەو هیوای كە ببێتە ساڵانە.
دواتر ئەحمەد مستەفا ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لە هەولێر بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:
هەڵبژاردەنی باشترین وەرزشوانانی ساڵ لە كوردستاندا بۆ یەكەم جار ئەمە پرۆسەیە جێگای خۆشحاڵی وەرزشوانانی كوردستانە، بەڵام بمبورن ئەگەر بلێم زۆر بێ بنەمایانە ئەم پرۆسەیە و هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت، دەبوایە لێژنەیەك لە راگەیاندنەكان و ناوبژیوانان و راهێنەرەكان و وەرزشوانانی كۆنی شارەزا پێك بهاتبایە كە ژمارەیان دیاریكراو بوایە، هەروەها هەموو شتەكان لە یەكێتییە وەرزشیەكان وەرنەگیرابوایە، چونكە غەدر لە چەندین كەس كراوە هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا بەم شێوەیە نەبێت و گۆرانكاری تیاییدا بكرێت.
پاشان زانا قادر عەزیز سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی چاودێر گوتی:
دوای ئەوەی گۆرانكارییەكی بەرچاو لە دەستەی بەرێوەبردنی كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان كرا، ئەم كۆمەڵەیە سەردانی لایەنە پیوەندارەكانی كوردستانی كرد بە مەبەستی رێكخستنی ئەم پرۆسەیە، لەم پێناوەدا وەزارەتی وەرزش و لاوان داوای لە كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان كرد كە هاوكارییان بكەین بۆ دەستنیشانكرنی باشترینەكانی كوردستان لە بواری وەرزشیەوە، بەڵام وەزارەتی وەرزش و لاوان لیستی پالێوراوەكانی بۆ ئێمە ئامادە كرد ئێمەش لەسەر ئەم لیستە باشترینەكانمان هەڵبژارد لە كوردستان، ئەم هەنگاوە زۆر پیرۆزە، بەڵام هیوادارین لە ساڵانی داهاتوودا ئەم هەڵبژاردەنە باشتر و زانستیانە ئەنجام بدرێت.




**ئەحمەد مستەفا**
**دەبوایە لێژنەیەک لە راگەیاندنەکان و ناوبژیوانان و راهێنەرەکان و وەرزشوانانی کۆنی شارەزا پێک بهاتبایە کە ژمارەیان دیاریکراو بوایە، هەروەها هەموو شتەکان لە یەکێتییە وەرزشیەکان وەرنەگیرابوایە**

**ئەرسەلان عەبدوڵلا**
**دەبوایە پێشتر ئاگاداری رۆژنامەنووسانی وەرزشی بکرابایە و راو بۆچوونیان وەربگیرابایە لە لایەکی دیکەوە باشتر بوو رۆژنامەنووسانی وەرزشی شان بە شانی یەکێتیە وەرزشییەکان بەشداری ئەم پرۆژەیان بکردبایە**

دواتر زاگرۆس نانەکەلی ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان گوتی:
بێگومان ئەم هەنگاوە نوێیە من بەباش دەزانم، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ١٠٠٪ شتەکانی تەواوە نەخێر، دەستنیشانکردنی وەرزشوانی ساڵ خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی زۆر قورسە دەبێ ئەوەی هەڵ دەبژێری مێژوو و رابردووی وەرزشی و ئەرشیفی ئەم وەرزشوانە بزانێ و خودی رۆژنامەنووسەکەش دەبێ بە هەمان شێوە ئەرشیفی تایبەتی خۆی هەبێ و زانیاری زۆری هەبێ، لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان و لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان و وەرزشوانان دەکەم ئومێدەوارم ئەم پرۆژەیە دواجار نەبێت و بە ئازادانە و حەقانە بەرێوە بچێت و هەر یەکەو مافی خۆی بدرێتێ و ببێتە هاندەرێك بۆ پێشڤەچوونی بزاڤی وەرزشی لە کوردستان.
پاشان وەلید ئەنوەر موراد ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان گوتی:
ئەمرۆ ئەم گرتبوونەوەمان بۆ ئەوە بوو کە بتوانین گفتوگۆ لەسەر وەرزشکاری ساڵ بکەین، ئەمە شتێکی زۆر گرنگ بوو بە تایبەتی ئامادەبوونی ئەم رۆژنامەنووسانەی وەرزشی و ئەمە دەبێتە یەکەم دەرگا کە بتوانین وەرزشکاران لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا خەڵات بکرێن و رێزیان لێ بگیرێت، هیوادارم کە شتی باشتریش لە دواوە بێت، چونکە کوردستانیش هیچمان لە وڵاتانی جیهان کەتر نییە بۆ ئەوەی بتوانین وەرزشوانی باش پێبگەینین و بچینە نێو ململانی و رەکابەریەکانی بواری وەرزش.

دواتر توانا ئەنوەر لێپرساوی وەرزشی کوردسات گوتی :
ئەگەر ئەم دەنگدانەی ئێمە بە هەند وەرگرن بۆ بڕیارەکانیان ئەوە شتێکی زۆر باشە، لەگەڵ ئەوەش چەند یاریزانێك ناونوس نەکرابوون و جێگاکانیان بە تاڵ بوو، بەڵام هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو ئەم سیستمە بگۆڕێت تاکوو باشترین یاریزانەکان لە لایەن رۆژنامەنووسانی وەرزشی هەڵبژێردرێت زۆر باشترە.
پاشان ئەرسەلان عەبدوڵلا رۆژنامەنوسی وەرزش گوتی:
بەڕاستی شتێکی زۆر باشە ئێمە وەکو وڵاتانی جیهان بتوانین بە خۆمان باشترین وەرزشوانی ساڵ دەست نیشان بکەین، بەهەر حاڵ دەستخۆشی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەین بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزەی کە ئەنجامیدا، بەڵام دەبوایە پێشتر ئاگاداری رۆژنامەنووسانی وەرزشی بکرابایە و راو بۆچوونیان وەربگیرابایە لە لایەکی دیکەوە باشتر بوو رۆژنامەنووسانی وەرزشی شان بە شانی یەکێتیە وەرزشییەکان بەشداری ئەم پڕۆژەیان بکردبایە.
لە کۆتایشدا عەدنان عەبولرەحمان لە تەلەڤزیۆنی کەرکووك گوتی:
باشتر وابوو یاریزانان و راهێنەر و ناوبژیوانان سەرەتا لەسەر ئاستی شارەکانیان لە لایەن رۆژنامەنووسانی شارەکانیانەوە دەست نیشان بکرابان، پاشان پێش ئەوەی باشترینیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەست نیشان بکرێت بۆ ماوەی (١٥) رۆژ ناوەکانیان ئاشکرا بکرابایە تا رۆژنامەنووسان بتوانن مافی وەرزشکاران بە تەواوی بدەن، بۆ وەرزی ئەمساڵیش وا باشە هەر لە سەرتاوە رابگەیەندرێت کەوا لە کۆتایی پاڵەوانێتیەکان باشترینەکان دەست نیشان دەکرێن.



(دکتۆر عەبد صاحب ئەسد) پسپۆری تۆپی پێ لە عێراق تایبەت بە گۆڵان

# پرۆژیەکی گەورەی وەرزشیم لە دەستدایە بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان پێویستی بە رەزامەندی و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە

(دکتۆر عەبد صاحب ئەسد) لە دایك بووی ساڵی (١٩٥٣)یە لە شاری بەغدا لە دایك بووە، یاری بۆ یانەکانی بەرید و بەرق و هاتف و یانەی تەجارە و هەڵبژاردەی مواصلات و هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کردووە و هەروەها لەگەڵ ئەستێرە بەناوبانگەکانی عێراق وەك فەلاح حەسەن و عەلاء ئەحمەد و جەلیل حەنون بەشداری لە خولی عەرەبی بۆ قوتابخانەکان کردووە، بەهۆی ئەوەی کە (دکتۆر عەبد صاحب ) کوردی فەیلیە تووشی چەندین کێشە و گرفت هات کە ناچار بوو لە ساڵی ١٩٧١ عێراق جێبهێڵی و روو لە یەکێتی سۆڤیتی پێشوو بکات و لە یەکێتی سۆڤیتی پێشوو توانی پەرە بە خوێندنی خۆی بدات و توانی بڕوانامە لە پەیمانگای ناوەندی پەروەردەی وەرزشی لە کۆلێژی راهێنەرایەتی بەشی تۆپی پێی وەربگرێ، لە ساڵی ١٩٨٧ توانی بڕوانامەی دکتۆراه لە فەلسەفە زانستەکان وەربگرێ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ چووە لیبیا و کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی تایبەت بە کچان لە لیبیا دروست کرد و تیپێکی تۆپی پێی کچانی لە لیبیا ئامادە کرد و دواتر بووە راهێنەری یانەی ئۆلۆمپی لیبی بۆ ماوەی چوار ساڵ کە چەندین دەستکەوتی بە دەست هێنا لەگەڵ ئەم یانەیە، دواتر چووە وڵاتی سوید لە سوید زیاتر پەری خوێندنی خۆیدا، بۆ خزمەتی کردنی بزاڤی وەرزشی لە کوردستان بۆ گەڕاوە کوردستان و دوو پڕۆژی ئامادە کرد کە یەکەمیان پرۆژەی دروستکردنی سەنتەری رۆشنبیری بۆ بەدەنی ئافرەتان و دووەم پرۆژەی درووستکردنی ئەکادیمیای ناوەندی کوردستان بۆ وەرزش کە هەردووکیان دوو پرۆژەی یەکجار گەورن، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵیدا ساز بکەین.

دیمانە: رێبین رەمزی

*** دوای گەرانەوەت لە وڵاتی سوید پرۆژێکت ئامادە کرد بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان، دەکرێ بزانین ئەم پرۆژەیە چۆنە؟**

- دوای رووخانی رژێمی سەدام من گەرامەوە عێراق و پرۆژێکم ئامادە کرد بۆ پێشخستنی بواری وەرزش کە پرۆژەکەش بریتی بوو لە دروستکردنی ئەکادیمیایەکی وەرزشی کە گشت یارییەکان دەگرێتەوە وەك گۆرەپان و مەیدان و تۆپی باسکە و گشت یارییەکانی تر، من نەمتوانی ئەم پرۆژەیە لە بەغدا جێبەجێ بکەم بە هۆی چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆم، بەڵام لە کوردستان هەندێك کەس پەیمانی ئەوەیان پێ دام کە ئەم پرۆژەیە لە کوردستان جێبەجێ دەکەن بۆیە ئەم پرۆژیەم بۆ کوردستان ئامادە کرد، چونکە لە کوردستان چەندین هۆکاری سروشتی تێدایە کە یارمەتی دارە بۆ پێگەیاندنی وەرزشکاری پاڵەوان لە هەموو بوارێك، ئەم پرۆژیە یەکەم پرۆژیە کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیە بیری لێ کراوەتەوە، هەروەها ئەم پرۆژەیە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ قوتابییەکانی کولێژی پەرەوەردی وەرزشی بۆ ئەنجامدانی گەڕان لە زانیارییەکان و تازەترین زانیارییەکانی وەرزشی بە گشتی زۆر سودی لێ وردەگرن و هەموو دەتوانن سوودی لێ وەربگرن لە دەرەوەی کورستان، هەروەها بۆ ناساندنی کوردستان لە دەرەوەی عێراق وەکو شوێنێك بۆ پێگەیاندنی وەرزشوانی بە توانا،

*** ئەدی پڕۆژەکە چی لێهات؟**

- دوای ئەوەی من چەندین جار چاوەم بە وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەها بەرواری کەوت و هەروەها چاوم بە راوێژکاری وەزیری وەرزش و لاوان محەمەد سەدیق کەوت کە هەردووکیان دەستخۆشیان لەم پرۆژەیە کرد و خۆشحاڵی خۆیان دەربری بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وڵامیان نەداوتەوە بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە زووترین کات جێبەجێ بکەین بە بیانووی نەبوونی پارە، بەداخەوە کاتێك هەر کەسێك لە دەرەوە دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆژیەك چەندین بیانووی بۆ دەبینەوە تاکو پرۆژکە ئەنجام نەدەن وەکو نەبوونی پارە و شتەکانی تر، بەڵام پارە بۆ شتەی تر هەیە وەك کۆنگرە لەسەر شتی بێ سوود کە هیچ سودێکی نییە، من دەڵێم گرنگ نییە پرۆژەکە هەمووی لە یەك کاتدا ئەنجام بدرێت نەخێر، دەبێ هەر پرۆژیەك قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام بدرێت و هەروەها شتێك هەیە زۆر تورەم دەکات ئەویش وەڵام نەدانەوەیە کە ئایا پرۆژەکەم بۆ ئەنجام دەدەن یان نا هەر پێم دەڵێن چاوەڕوان بە، من نازانم ئەم چاوەڕوانی من دەگاتە چێندەر!!!.

*** لە یانەی هەولێر چ کارێکت پێ راسپێدراوە؟**

- سەرەتا من لەگەڵ سەرۆکی یانەی هەولێر چەند دانیشتنێکمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی کە چۆن بتوانین یاریزانی باش پێ رابگەیەنین بۆ ئەوەی ببنە دوا رۆژی یانەی هەولێر و هەروەها سەرۆکی یانەی هەولێر داوای لێ کردم کە ئەم پرۆژیە بە یارمەتی یانەی هەولێر ئەنجام بدەم، بۆیە سەرۆکی یانەی هەولێر مەشقدانی تیپی لاوان و تازەپێگەیشتوان و بەچکەشێرانی پێ راسپاردم و لە هەمان کاتیشدا چەند راهێنەرێکی لاو پێ رابگەینم بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا ببنە راهێنەرێکی بە توانا لە کوردستان و هەروەها چەند پرۆگرامێك بۆ راهێنەرەکانی یانەی هەولێر بە شێوەیەکی زانستی دابنین تاکو یاریزانەکان لە تەمەنێکی بچووکدا سوود وەربگرن و ئەم پرۆژیە بۆ ماوەیەکی درێژ خاینە، بەڵام بەداخەوە لە یانەی هەولێرەش تووشی کێشەی نەبوونی پارە بووین بۆیە نەمتوانی لە یانەی هەولێرش بەردەوام بم و ئێستا چاوەروانی وەڵامی یانەی هەولێرم تا بزانم چ کات دەست بەکارکەم دەکەم بەشێوەیەکی فەرمی.

*** جیاوازی لە نێوان ئەم ئەکادیمیە لەگەڵ کۆلێژی پەرەوەردی وەرزشی چییە؟ کە هەردووکیان هەمان کار ئەنجام دەدەن و بەشێوەیەکی زانستی؟**

- جیاوازیەکی یەکجار زۆر لە نیوان ئەو ئەکادیمیە و کۆلێژی پەرەوەردی وەرزشی هەیە، چونکە کۆلێژی پەروەردی وەرزشی مامۆستا بۆ قوتابخانەکان ئامادە دەکات،بەڵام لەم ئەکادیمیە راهێنەری بە توانا ئامادە دەکات و لە هەمان کاتیشدا یاریزانی بە توانا پێ رادەگەێنێت و بیرۆکەی من لەم ئەکادیمیە ئەوەیە کە راهێنەری بە توانا پێ رابگەێنم نەوەك مامۆستای وەرزش.

*** تا چەند لەگەڵ بیرۆکەی هێنانەی راهێنەری بیانی بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەکانی عێراق؟**

- بە بیرو بۆچوونی خۆم کاتێك کە بۆندی لەگەڵ راهێنەرێك لە دەرەوەی عێراق مۆر دەکەن یەکسەر نەبێتە راهێنەری هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق، بەڵکۆ ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەکانی لاوان و تازەپێگەیشتوان و بەچکەشێران، چونکە ئەم یاریزانانە تازە پێرادەگەن و زۆر سودی لێوەردەگرن و ئەم راهێنەرە دەتوانی بە شێوەیەکی زانستی ئەم یاریزانانە پێ رابگەیەنێت.

*** چۆن دەروانیە ئەم خولانەی کە بۆ راهێنەرەکان ئەنجام دەدرێت؟**

- لە کوردستان چەندین خولی راهێنەرایەتی ئەنجام دەدرێت چ لە نێو کوردستان بێت یاخود لە دەرەوەی کوردستان بێت ئەم خولانە هەمووی بێ پرۆگرامە و بۆ ماوەیەکی زۆر کەمە و ئەگەر هەر خولەیەك کە لە دەرەوەی کوردستان ئەنجام دەدرێت دەبێ راهێنەری بە توانا بۆ ئەم خولانە بنێردرێت تاکو سوودی زیاتر وەربگرن، بەڵام لێرە بە پێچەوانەیە هەندێك جار راهێنەری بێ توانا دەنێرنە ئەم جۆرە خولانە کە هیچ سودێکی لێ وەرناگرن، چونکە ئاستی زۆر نزمە و هەروەها هەندێك جار کە راهێنەرەکە هیچ ئاستێکی نییە، بەڵام بە هۆی برادەرایەتی بەشداری ئەم جۆرە خولانە دەکات، بەڵام ئەم پرۆژەی من کە ئامادەم کردووە دەتوانین خولی راهێنەرایەتی بکەینەوە تاکو زۆرترین راهێنەر سوودی لێوربگرێت و هەروەها ئەو راهێنەرانە کە خاوەن بروانامەی زانکۆن بنێرتە دەرەوەی کوردستان تاکو بەشداری خولی راهێنەرایەتی بکەن بۆ ئەوەی لە هەموو لایەنێك سود وەربگرن تاکو ببنە راهێنەری دوا رۆژ لە کوردستان و یانەکان پشت بە راهێنەری دەرەوەی کوردستان نەبەستن.

*** دوای گەرانەوەت چۆن دەروانیە ئاستی وەرزش لە عێراق؟**

- ئەوەی راستی بێت ئێستا کە ئەو ئەنجامانە بە دەست دێنن

**لە کوردستان چەندین هۆکاری سروشتی تێدایە کە یارمەتی دارە بۆ پێگەیاندنی وەرزشکاری پاڵەوان لە هەموو بوارێك، ئەم پرۆژیە یەکەم پرۆژیە کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیە بیری لێ کراوەتەوە**

**بەداخەوە کاتێک هەر کەسێک لە دەرەوە دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆژێک چەندین بیانووی بۆ دەبینەوە تاکو پرۆژکە ئەنجام نەدەن وەکو نەبوونی پارە**

هەمووی بێ پرۆگرامییە ڕۆژێك بردنەوە بە دەست دێنن و ڕۆژێکی تر تووشی دۆڕان دەبن واتە هیچ پیلانێك نییە بۆ وەرزش، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێ پیلانێکی درێژ خاین و بە شێوەیەکی زانستی ئامادە بکرێت.

*** ئایا لە شاری هەولێر یاریگای تۆپی پێ وەك پێویست هەیە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من لە مۆسکۆ ئەندازی دروستکردنی یاریگام خوێندەوە واتا دەبێ پێش دروستکردنی هەر یاریگایەك بزانین چەند کەس لەم شوێنە دەژی و چەند کەس بەشداری لە ئەنجامدانی یاریەکە دەکات، چونکە ئەمە زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە لێرە بە پێچەوانەیە لە شوێنێك گەورترین یاریگا و گەورترین هۆڵی داخراو دروست دەکەن کەچی لەم شوێنە ئەو کەسانەی کە وەرزش ئەنجام دەدەن زۆر کەمن ئەمە زۆر هەڵەیە پێش دروست کردنی هەر پرۆژەیەکی وەرزشی دەبێ بزانین لەم شوێنە چەند کەس دەژی، بەڵام دروستکردنی ئەم یاریگا بچوکانە جێگای خۆشحالیە و دەبێتە هۆکارێك بۆ پێش خستنی یاری تۆپی پێ لە کوردستان ئەمەش لەسەر چۆنیەتی دانانی پیلان دەوستێت.

*** دوای ئەوەی داواکاریتان لێکرا کە بگەڕێنەوە عێراق بۆ ئەوەی خزمەتی وەرزشی عێراق بکەن، تا چەند هاوکاری ئێوەیان کرد لەمبارەیەوە؟**

- دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام هەستمان بە خۆشیەکی زۆر کرد و کاتێك داوایان لێکردین بگەڕێینەوە عێراق بۆ ئەوەی خزمەتی بواری وەرزش بکەین بۆیە زۆربەی هەرە زۆری وەرزشکارەکان گەڕانەوە عێراق بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە عێراق، بەڵام بەداخەوە زۆر بەداخەوە هیچ بایەخەکیان پێ نەدایین و هیچ گرنگیەکیان پێ نەدایین و هەروەها ئەو برە پارەیەی کە بۆ ئێمەیان تەرخان کردبوو بەشی نرخی بلیتی تەیارەی نەدەکرد بۆ گەڕانەوەمان بۆ ئەوەی سەردانی خێزانەکانمان بکەین یاخود بەشی هاتووچووی ڕێگای نەدەکرد، کاتێك کە

ئێمە لە شوێنێك کار دەکەین زۆر ڕەکابەریمان لەگەڵ دەکرێ، بۆ نموونە من کە لە سوید گەرامەوە کوردستان لە ژوورەیەك نیشتەجێ بوومە هەموو ڕۆژی دەڵێن دەبێ ئەورۆ یان سبەینێ ئەم ژوورەمان بۆ بەجێبهێڵی، ئێمە هاتووین خزمەت بکەین نەك ڕەکابەریمان بکرێ ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەسانی تر کە زۆر زیرەکن نەگەڕێنەوە بۆ خزمەت کردنی وڵاتەکیان، بەڵام هۆکارێکی سەرەکی هەیە کە من تا ئێستا نەگەرایمەوە سوید ئەویش بەهۆی مامۆستایەکانی کۆلێژ و قوتابییەکانم کە زۆر یارمەتیم دەدەن.

*** چۆن دەڕوانیە دوا ڕۆژی وەرزشی کوردستان؟**

- لە هەموو شوێنێك کە کارێك ئەنجام دەدرێ هەر دەبێ شتی خەراپی تێدا بێ، بەڵام دەبێ بەزانی چۆن ئەم کارە خراپانە چاك بکەیەوە ئەگەر نەزانی چاکی بکەیەوە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، من زۆر شانازی بە وەرزشی کوردستان دەکەم هەروەها وەرزشی کوردستان تازە دێتە سەر ڕێگای ڕاست و زۆر گرنگە پیلان دابندرێت و هەروەها بناغەی سەرەکی هەبێت بۆ نموونە کە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو رووخا رووسیا هەر لە بواری وەرزش هەر لە پێشەنگ مایەوە، چونکە پیلان و بناغیەکی بەهێزی هەبوو لە بواری وەرزش بۆیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە بە دەست هێنانی ئەنجامی باش، بۆیە دەبێ بناغەی تەواو بۆ وەرزش لە کوردستان دابندرێت و نابێ لە ڕەخنە بترسێن، چونکە کە ڕەخنەت لێ دەگیرێت واتە تۆ شتەکەت کردووە.



*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان چییە؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم بۆ ئەم دەستپێشخەرییە و هەروەها سوپاسی هاوڕێکانم دەکەم کە هەردەم پشتگیریەم لێدەکەن و من پرۆژەیەکی گەورەی وەرزشیم لە دەستدایە بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان پێویستی بە ڕەزامەندی و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و هیوادارم پشتگیریم لێ بکەن بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆژەیە.

**دروستکردنی ئەم یاریگا بچوکانە جێگای خۆشحالیە و دەبێتە هۆکارێک بۆ پێش خستنی یاری تۆپی پێ لە کوردستان**

**دەبێ بناغەی تەواو بۆ وەرزش لە کوردستان دابندرێت و نابێ لە ڕەخنە بترسێن**

**فاتیح حەمەخان یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی**

# یاریزانە کوردەکان زۆر دڵسۆزترن لە یاریزانە عەرەبەکان

■ **فاتیح حەمەخان یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ماوەیەك لەگەڵ یانەی پێشمەرگە وەکو یاریزان خزمەت بەم یانەیە دەکات و چەندین نازناوی وەدەست هێناوە پێشتریش لەگەڵ هەریەك لەیانەکانی برایەتی و لاوانی هەولێر یاری کردووە.■**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن خۆتان ئامادەکردبوو بۆ خولی کوردستان؟**

- زۆر بە شێوەیەکی باش خۆمان ئامادەکردووە ئەنجامەمان بەرچاو دەبێت

***لەو بڕوایەی ئەنجامێکی شایستە بەدەست بێنن لە قۆناغی یەکەم؟**

- پەنا بەخوا بە پاڵپشتی یاریزانان و راهێنەر و دەستەی کارگێڕی و شێخ جەعفەر ئەنجامێکی باش بەدەست دێنین.

*** ئەم ساڵ خولی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەراستی ئەم ساڵ ئاستێکی بەرزی هەیە بەداخەوە کە ماوەیەك یارییەکان وەستا ئەمەش کاریگەری هەبوو تیپەکان بەڵام ئەمساڵ لە پارساڵ زۆر بەهێزتر دەبێت.

*** لە خول عێراق بەشداری دەکەن؟**

- بەڵێ

*** کێشە وگرفتتان لە یانەی پێشمەرگە؟**

- هیچ کێشەیەکمان نییە، تەنیا کێشەی یاریگامان هەیە ئەم ساڵ هەموو راهێنانەکانمان لەسەرخۆڵ بووە یاریگامان نییە مەشقی تێدا بکەین.

*** کێ هاوکاری یانەکەتان دەکات؟**

- بەڕێز کاك شێخ جەعفەر

*** لە چ هێڵێکی یاری کردن کێشەتان هەیە؟**

- تاکو ئێستا لە هیچ هێڵێك کێشەمان نییە.

*** بەڕای تۆ هێنانی یاریزانی عەرەب هیچ سوودێکی هەیە بۆ یانەکانی کوردستان؟**

- بەڕای من هیچ سوودێکی نییە، چونکە پارساڵ ئێمە لە یانەی پێشمەرگە یاریزانێکی زۆرمان هێنا ئەنجامەمان باش نەبوو یاریزانە کوردەکان زۆر دڵسۆزترن لە یاریزانە عەرەبەکان.

*** رات چییە بەرامبەر دەستەی کارگێڕی یانە.**

- دەستەی بەڕێوەبردنی یانە زۆر باش هاوکاریمان دەکەن بەڵام زیاتر بەرەوە بە وەرزش بدەن و بێنە نێو عەمقی وەرزشەوە.

*** رات چییە بەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن شاری سلێمانی؟**

- بەراستی زۆری راگەیاندنەکان رۆڵی باشیان هەبووە بۆ پێشکەوتنی بزاڤی وەرزشی.




*** بڕیارت نەداوە واز لە یاری کردن بهێنی؟**

- ساڵی ئایندە واز دەهێنم لە یاریکردن.

*** دوای وازهێنانت چ دەکەی؟**

-دەبمە راهێنەری تیپێکی لاوان یاخود تازەپێگەیشتوان.

*** رات چییە بەرامبەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان؟**

- بەڕاستی هەوڵی زۆریان داوە بۆ پێشخستنی خولی کوردستان هیوادارم زیاتر بەرە بە یاریگاکان بدەن چونکە زۆربەی یانەکان یاریگایان نییە. خول بۆ راهێنەران و ناوبژیوانانن بکەنەوە.

*** هیچ یانەك داوای لێ کردووی یاری بۆ بکەیت؟**

- بەڵێ چەندین یانە پەیوەندیان پێوەکردومە، بەڵام یانەی پێشمەرگەی سلێمانی وەکو ماڵی دووەمە قەت جێی ناهێڵم.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤاری گوڵان ؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان ئازیز دەکەم هیوادارم کە بەسەرکردنەوەی یاریزانان و یانەکانی سلێمانی پێشتگوێ نەخات.